Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

# ئایا غەریزە کۆمەڵگاکەمانی تەنیوەتەوە؟



عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

## زۆرێك لە لاوان بە کچ و بە کوڕەوە تەنها لەبەر ئەوەی لە مۆبایل پێکەوە قسەیان کردووە بوونەتە قوربانی

سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانە دوژمنانی گەلەکەمان پلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی مافەرەواکانمان بەدەست نەخەین و هەموو تەقەلایەك دەدەن لەپێناو ئەوەی کە بەئامانجەکانمان نەگەین، کەوا چەندین ساڵە تێکۆشانی لەپێناودا دەکرێ، بەڵام مەخابن مەسەلەی غەریزە کۆمەڵگاکەمانی تەنیوەتەوە و ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەبینی، لەبەر ئەوەی زۆربەی تاکەکان بۆ شەخسی خۆیان تەنها هەوڵدەدەن بەبێ ئەوەی ببێتە ئومێدێك بۆ دەوروبەری، فەردیەت گەیشتۆتە ئاستێك کە هەر کەسە و بڵێ من، ئینجا تۆ، ئیدی ئەمەش لەژێر ناوی دیموکراتی و ئازادیدا مامەڵەی خۆیان بەم شێوەیە دەکەن و نازان ئەو مامەڵەکردنانە دوورە لەپێوانەکانی دیموکراتی و ئازادی، ئەمەش بەرەو هەڵدێرمان دەبات، بۆیە ئێستا ڕەوشێك لە کوردستان هاتوەتە گۆڕێ ڕەوشێکی جیاوازترە لە ساڵانی ڕابردوو، ئەم ڕەوشەی ئێستاش گەر نەتوانین باش بقۆزینەوە ئەوا بێگومان بەخراپ بەسەرماندا دەشکێتەوە، هەنووکە هەرچەندە زۆربەی خەڵك موچەخۆرە، بەڵام تێرخواردن نییە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵکی هەژار نەماوە نا، بەڵام کاتێك کەسێك لەشتێکدا نەوسن بوو بۆ نمونە لەخواردنی میوەیەکەوە بیگرە ئەوا بزانە لە ڕووی جنسیشەوە نەوسنە و بەردەوام ئەو جۆرە کەسایەتیانە هەوڵدەدەن پارەیەکی زۆر بەدەست بهێنن و نەوسی خۆیان بشکێنن و بەتایبەت لایەنی غەریزەیی و لە ژێرەوە تێر بکەن و لەسەریشەوە لەناو خەڵکیدا خۆیان بەکەسی باش و بەرەوشت پیشان بدەن، ئەم کردەوانەش نەك تەنها گەنجان دەیکەن، بەڵکو ئەوانەی کە قۆناغی گەنجیشیان تێپەڕاندووە هەر هەمان ڕەفتاری دەکەن و وەکو پیاوەتەنی دەڵێ تا گەورەبی ئەوەندە دڵتەڕتر ئەبیت،سکرتێرە، یان دانانی ژن لە هەندێ جێگەدا تەنها وەك سێمبول گەر چاوێك بەوەزارەتەکان و هەندێ جێگای فەرمانگەکان بخشێنین دەبینین زۆرجار ژنان وەك سێمبولێك دادەنرێن، چونکە وەك دەڵێن هەبوونی (جنس الطيف ) لە هەر جێگایەك پێویستە، ئەمەش بێگومان تەنها بۆ ورژانی ڕەگەزی نێرینەیە، چونکە وا باس دەکەن مامەڵەکردن لەگەڵ ژنێکدا زۆر جیاوازە وەك ئەوەی لەگەڵ پیاوێکدا بیکەی، چ جای ئەوەی لە فەرمانگەکانی حکومەتدابێ، بۆیە بەدەرککردن

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

بەمە دەبینین زۆربەی وەزارەتەکان، سکرتێرەکانیان ژنە ئەم ژنانەش هەندێ جار بۆ کاری ناشیاو بەکاریان دەهێنن و هەمانکات سکرتێرەن و لەگەڵ ئەمەشدا موراجیع بیەوێ سەردانی بەرپرسان بکات، دەبینێ سکرتێر ژنە و بەشێوەیەکی رۆمانسیانە پێی دەڵێ جەنابی بەرپرس لێرەیە و سکرتێرەش بە ئسلوبێکی نەرم و ورژێنەر وەڵامی ئەداتەوە، ئەمەش جەوێکی رۆمانسیانە دروست دەکات کە پیاو حەز بکات هەمیشە سەردانی ئەو بەرپرسانە بکات کە سکرتێرەکانیان ژنە، هەروەها لە زۆربەی فەرمانگەکاندا دەبینی رێژەیەکی بەرچاوی ژنە ئەمەش جێگای دڵخۆشیە، بەڵام دەبینی هەندێ جار لەشەخسی هەندێ ژنی هەڵخەڵەتاو ئەو دەرفەتەی کە لەماڵەوە پێ دراوە و بۆخۆی وەزیفەیەکی هەبێت دەبینی بۆ کاری نەشیاو بەکاری دەهێنێ، ئەم رەوشەش جارێکی تر دەسەڵات خولقاندویەتی، چونکە واپیشانی دەدا کە ئیتر قودسیەت و کوردایەتی لە هیچ شتێکدا نەماوە تەنها دونیا رابواردن و تێرکردنی غەریزەیە، بۆیە دەبینی نەك تەنها گەنجان هەتا وەکو ئەو پیاوانەی کە خاوەنی خێزانیشن بەردەوام هەوڵی ئەوە ئەدەن کە بتوانن لەگەڵ هاوکارەکەی خۆیدا ئەو پەیوەندییەی کە کارەکەیان دروستی کردووە دەیەوێ بیقۆزێتەوە بۆ مەرامی خراپ... **تەکنیك و غەریزە**... دوای رووخانی رژێمی بەعس ئیدی بە شێوازێکی بەرچاو تەکنیکە جۆراوجۆرەکان هێنرانە کوردستان و زیاتر بڵاوبووەوە لەوانەش (مۆبایل، سەتەلایت، ئەنتەرنێت... هتد) ئەمانەش بێگومان هەم سودمەندبوونە و هەمیش زیانبەخش بوونە، و ماوەی ئەم پێنج ساڵەی رابردووشمان بۆ دەرکەوت کە ئەو ئامێرانە زیاتر ئەمرۆ وەکو پێویستیەکی غەریزەی زۆرجار بەکار دەهێنرێن وەك پێویستیەکی فکری زەروری ژیان بەکار نەهێنراوە، زۆرێك لە لاوان بە کچ و بە کورەوە تەنها لەبەر ئەوەی لەمۆبایل پێکەوە قسەیان کردووە بوونەتە قوربانی و هەروەها تا ئێستاش زۆرێك لە گەنجان عاریان نەکردووە لەوانەی پێش خۆیان کە هەر بەو کردەوەیە پیاچوون، ئێستاش دەبینی رێژەیەکی زۆری گەنجان هەر ئەو کردەوەیە دەکەن، بەوتەی هەندێ لەگەنجان کە دەڵێن ئەم مۆبایلە زۆر کارئاسانی بۆ کردووین، لەبەر ئەوەی لە رابردودا نەدەتوانرا ئاوەها بەسانی قسە لەگەل خۆشەویستەکەت بکەیت، جاران تا نامەیەکت پێ ئەگەیان زۆر زەحمەت بوو، بەڵام ئێستا هەموو ژووانەکان بە مۆبایل پێکدەهێنرێ، هەروەها زۆربوونی سەتەلاتیتیش لە ماڵاندا ئەمەش لایەنی نێگەتیفی هەبووە، چونکە لە رێگای سەتەلایتەوە سەیری کولتوری وڵاتانی تر کراوە و بەوەش کاریگەری خستوەتە سەر خەڵك تا رادەیەك، ئەمە لەکاتێکدایە کە دابونەریتی کوردەواری رێگا بە زۆر هەڵسوکەوت کە ئەمرۆ دەکرێ نادات، بەڵام ماوەی چەند ساڵێك و بە هەبوونی سەتەلایت و لە رێگایەوە سەیرکردنی دنیایەکی تر گۆران لە هزر و ئسلوب و مێشك و فیزیکیشدا دروست کردووە، هەروەها هەبوونی ئەنتەرنێتیش سەرەرای ئەوەی پێویستیەکی ژیانە لە رۆژگاری ئەمرۆمان و ئێستا گەر لە ماڵانیش کەم بێت، بەڵام لە زۆربەی شاروشارۆچکەکان سەنتەری ئەنتەرنێت هەیە و زۆرێك لە گەنجان رووی تێدەکەن، بەڵام بێگومان گرنگ ئەوەیە کە بزانرێت بۆ کاری پێویست بەکار بهێنرێت، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لەو گەنجانە تەنها بۆچاتکردن بەکاری دەهێنن، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە کچێك یان کورێك بناسن و دواتر بەیەك بگەن ئیتر بۆ هەر مەبەستێك بێت... **بەڵێ غەریزە کۆمەڵگای تەنیوەتەوە**... ئێستا لە رەوشێکی مەترسیداردایین، چونکە مەسەلەی غەریزە کۆمەڵگای تەنیوەتەوە و زۆرێك لە خەڵك بە بەردەوامی بە دوای ئەوەوەن چۆن بتوانن داخوازیەکانی خۆیان لە رووی غەریزیەوە جێبەجێ بکەن، ئیدی بەبێ گوێدانە پێوانەکان،

Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete Documents

ئاین و ڕەوشتیش، هەر لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆرمان بینی و بیست لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان کە نەك تەنها کچ چەندین ژن لەگەڵ کوڕاندا هەڵهاتوون، یانی غەریزە ئەوەندە پاڵنەر بووە ئامادەبوونە خۆیانی لەپێناودا دابنێن، یان زۆرێك کچ و کوڕ دەبینی لە ماڵەوە دڵیان پێی خۆشە ئەیانێرنە خوێندن، بەڵام ئەو دەرفەتە بۆ کاری ناشیاو بەکار دەهێنن و زۆرجار ئەو هەلانە ئەقۆزنەوە بۆ ڕابواردن، ئەمە بەبێ ئەوەی ئەوە لەپێش چاو بگرن گەر پێیان بزانرێ ژیانیان ئەکەوێتە مەترسییەوە، هەروەها ڕێژەیەکی بەرچاوی لە ژنانی سەرووی چل ساڵی دەبینرێ فێری کردەوەی سێکسی دەبێ لە کاتێکدا وەکو گەنجێکیش نییە، بەڵام ئیدی لەبەر نەبوونی بێت یان زەوقی خۆی بێت یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر بێت تەماشا دەکەی کردەوەی سێکسی ئەنجام ئەدا، هەمانکات ڕێژەیەکی زۆر لەپیاوانی سەرووی چل ساڵیش بە هەمان شێوە بە دوای کاری دوور لە ڕەوشتەوەن و هەمیشە و چاو برسیانە هەوڵ ئەدەن هەلی ئەوەیان بۆ برخسێ کە

کردەوەیەکی سێکسی ئەنجام بدەن، بێگومان سەرجەم ئەم کردەوانەش کە دەکرێن هەمووی ژێر بە ژێر دەکرێ و لەسەرەوەش هەر ئەو مرۆڤانە خۆیان بەپوختە نیشان ئەدەن و هەندێکیان خۆیان بەباوەڕمەن و هەندێکی تریان وەکو شەریف خۆی پیشان ئەداو هەندێکی دیکەشیان وەکو مرۆڤێکی دروست، بەڵام لە ژێریشەوە دەیبینی ئەمە کردەوەکەیەتی...

بێگومان مەسەلەی غەریزە یەکێکە لەو مەسەلانەی کە چەند شرۆڤەی لەسەر بکرێ هێشتا کەمە بۆ ئەوەی مرۆڤ بگەیەنرێتە ئەو ئاستەی عەقڵی بەسەر غەریزەیدا حاکم بێت، نەك غەریزەی بەسەر عەقڵدا، مرۆڤ تەنها پێوانەکانی ئەخلاقی مرۆڤایەتی لەپێش چاو بگرێ ئیدی ئەم کردەوانەی لەپێش چاو بۆ شیدەبێتەوە، و بۆ ڕێگە گرتن لەم دیاردەیە دەبێ هەم ژنان بکەونە ناو تێکۆشانەوە هەمان کات خەڵکی هۆشیار، چونکە لە کۆمەڵگاکەماندا زۆرترین قوربانی ئەم دیاردەیە ژنانن و ئیتر دەبێ قبوڵی نەکەن وەکو کاڵا ببینرێن و یان تەنها وەکو ئامرازێك بۆ ورژاندی غەریزەی پیاو ببینرێن و بەکار بهێنرێن، هەروەها کەسایەتی و خەڵکی ڕۆشنبیر هەر یەکە و لەلای خۆیەوە بکەوێتە تێکۆشانێکەوە بۆ ڕێگەگرتن لەو دیاردەیە، چونکە هەر ئەو کۆمەڵگایە دەبێتە قوربانی بۆ ئەمەش توعیە بلاوبکرێتەوە و هەمووان پێکەوە هەوڵی ئەوەبدرێ کە چیدی کوردستان بەو ئاراستەیەدا نەڕوات، چونکە دوژنمان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە بەئامانجەکانمان نەگەین و خەڵکیش گەر بە دیاردەی دیکەوە سەرقاڵ ببن ئەوا حەتمەن بەخراپی بەسەر گەلەکەماندا ئەشکێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش کوردان چ لەناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات نەکەونە ئەو داوەوە و بڵێن با ئێمەش ئەوروپیانە هەڵسوکەوت بکەین، ئەمە هەڵەیە، چونکە ئێمە وەکو کورد خاوەن تایبەتمەندی و کولتورێکی جوانی خۆمانین ئەوەی ویستی لەو کولتورە دوورمان بخاتەوە دەبێ دژی ڕابوەستین.

# چی بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لەم دیاردەیە